وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

کۆلێژی ئاداب - بەشی جوگرافیا

بابەت: بنەماکانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان

# چەمکی (سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان)

# نظم المعلومات الجغرافية

# Geographical Information Systems

# تەوەرەکانی بابەت

تەوەری یەکەم : ووشەکانی ( سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان )

تەوەری دووەم : پێناسەی ( سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان )

تەوەری سێیەم : فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان

تەوەری چوارەم : مێژووی سەرهەڵدانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان

# تەوەری یەکەم : ووشەکانی ( سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان )

سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان لە سێ ( ٣ ) وشەی جیاواز پێکدێ:

١- سیستەم / نظم / System : کە بریتیە لە پێکهاتە تەکنەلۆجیایی بژمێرەکان ( حاسبە ) و بەرنامە ئەلیکترۆنیەکانی تایبەت بەو سیستەمە .

٢- زانیاری / معلومات / Information : بریتیە لەو داتاو زانیاریانەی کە ئەو سیستەمانەی لێ پێکهاتووە، لەرووی بەکارهێنان و ئیدارەدان و ڕێکخستنیان.

٣- جوگرافیا / Geographic یان Geographical : بریتیە لە ڕەگەزی شوێنیی ئەو سیستەمانە کە خۆی لە زەوی و ئەو جیهانە راستەقینە دەنوێنێ کە ئەو سیستەمانەی لێ پێکهاتووە.

# تەوەری یەکەم : ووشەکانی ( سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان )

شایەنی باسە چەمکی GIS مانایەکی تر هەڵدەگری کە ئەویش بریتیە لە :

Geographical Information Sciences واتە زانستی زانیاریە جوگرافیەکان – علم المعلومات الجغرافية .

کە بریتیە لەو زانستەی گرنگی بە فەلسەفەی کاری سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان دەدا لە رێگەی بەرەو پێشبردن و دیاری کردن و هەڵسەنگاندن و دۆزینەوەی کاری نوێ و باشترکردنی ئەو سیستەمە .

# تەوەری دووەم : پێناسەی ( سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان )

دەستنیشانکردنی پێناسەیەکی گشتگیر بۆ GIS کارێکی ئاسان نیە ، چونکە ژمارەی ئەو کەسانەی کە ئەو تەکنەلۆجیایە بەکاردەینن ئێجگار زۆرە ، سەرەڕای هەمەجۆری پسپۆڕیەکانی ئەو کەسانە، وەك جوگرافیاو ئەندازیاریو ژینگەو چالاکیە ئابووریەکانو چەندانی تر ، کە هەر یەکەو لە روانگەی تەسکی پسپۆڕیەکەی خۆی سەیری ئەو بابەتە دەکا، ئەمەو بەشداریکردنی ئەو سیستەمانە لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی کۆمەڵگە.

بەشێویەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان : بریتیە لە چەند رێگەو ئامرازێك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ داتاو زانیاریەکان لە رێگەی:

- کۆکردنەوەی لە سەرچاوەی هەمەجۆر
- هەڵگرتنو تاقتکردنی ( خزن ) بەشێوەیەکی ژمارەیی
- بەرێوەبردن و دەستکاری کردنو گۆڕینی بۆ شێوازی جیاواز
- شیکردنەوەی
- گەڕاندنەوەی بەشێوەی جۆراوجۆر

# تەوەری سێیەم : فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی (سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان)

١- گەشەسەندن و پێشکەوتنی بواری تەکنەلۆجی دروستکردنی ئامێری بژمێر (حاسبە ) .

٢- زیاد بوون و کەڵەکەبوونی داتاو زانیاریەکان لەسەر شوێنە جیاجیاکانی گۆی زەوی کە پێویستی بە سیستەمی پێشکەوتوو هەبوو بەمەبەستی مامەڵەکردن و شیکردنەوەو چارەسەرکردنیان، کە لەلایەن مرۆڤەوە کارێکی زۆر قورس بوو.

٣- زۆری داتاو زانیاریەکانی تایبەت بە شوێنەکانی گۆی زەوی پێویستی بەوە بوو کە ئامێری پێشکەوتوو دروستبکرێ بەمەبەستی هەڵگرتنیان (خزن )و دووبارە رێکخستنیان.

# تەوەری چوارەم : مێژووی سەرهەڵدانی ( سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان )

مێژووی دروستبوون و سەرهەڵدانی GIS بۆ ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، چونکە لەو کاتانە بوو کە ئامێری کۆمپیوتەری هاوچەرخ داهێنراو، بەو هۆیەوە توێژەرو دەزگا زانستیەکان هەوڵیاندا زانیاریە شوێنییو ناشوێنییەکان لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر بنوێنن و دواتر داهێنانی بەرنامەی پێشکەوتوو بۆ شیکردنەوەی داتاکانو بەستنەوەیان بە شوێنە جوگرافیەکانیان.

لە شەستەکانی سەدەی رابردوو دوو گەورەکۆمپانیای بواری کۆمپیوتەر لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵی دروستکردنی GIS یاندا یەکیان بە ناوی ( ئەنتەرگراف ) و ئەووەکەی تریش بەناوی ( ئیسری – ESRI ) کە لە کورتکراوەی Environmental Systems Research Institute پێکهاتووە .

# تەوەری چوارەم : مێژووی سەرهەڵدانی ( سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان )

لەسەرەتادا ئەو سیستەمە وەك سەرجەم سیستەمە کۆمپیوتەریەکانی دیکە لە ئامێری قەبارە گەورەو گرانبەها کاری دەکرد، کە تایبەت بوو بە دامودەزگا حکومی و کۆمپانیا گەورەکان، پاشان بە تێپەڕبوونی کات و پێشکەوتنی زانستی کۆمپیوتەرو دروستکردنی کۆمپیوتەری بچووك و خێراو هەمەجۆرو تایبە تمەندو هەرزان لە نرخ ، کە رۆژ لە دوای رۆژ پەرەی سەندو بووە هۆی ئەوەی کە بەکارهێنانی ئامێرەکانی کۆمپیوتەر بپەرێتەوە بۆ ئاستی تاك . ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە رۆژ لە دوای رۆژ بەکارهێنەری GIS زیاتر بێ و ببێتە هۆی ئەوەی داواکاریەکی زۆر لەسەر بەرنامەکانی زیاد بێ و رۆژ لە دوای رۆژ بەرنامەی هەمەجۆرو تایبە تمەند بە کاری دیاری کراو دروستبکرێ .

# THANKS